# ئەو کاتەی «خان» بڕیاری کوشتنی خۆی دەردەکات

**نووسەر:Jorge Bucay**
بە کوردیکردنی لە زمانی ئاڵمانییەوە: **برایم فەڕشی**

لە وڵاتێکی دوور ،خانێک دەژیا، دەستەڵات و زوڵم و زۆری بێ بڕانەوە بوو، قسە و ئەمری ئەو قانوون بوو، کە لە هەموو دەوەرەکە جێ بەجێ دەکرا. تەنانەت لە خەڵک یاساخ کرابوو، ناوی بهێنن. بەردەست وەمووچەخۆرەکانی بە هەموو چەشنێک خەڵکیان دەچەوساندەوە. کاربەدەستان باجی گەورە وگەرانیان لە خەڵک دەستاند ودەیانڕووتاندەوە، ئەو پارەیەی کە لە ڕێگای فرۆشتنی دەغڵ ودان و شەراب و کارگەلی دەستییەوە پەیدایان دەکرد، غارەت دەکرا.

Nolavی دەستەڵاتدار سپایەکی گەورەی وەسەر یەک نابوو، هەڵبژاردەیەک لە ئەفسەرانی لاو، ئەرکی پاراستنی ئەویان لە ئەستۆ بوو. هەرچەشنە ڕاپەڕین و دژایەتییەک لە خوێندا دەگەوزو و تێکدەشکێندرا .
ئەوەندی نۆلاڤ چەپەڵ و خراپ بوو، کەشیشی گوندەکە مرۆڤێکی خواویست و پیاو خاس بوو کە ژیانی لە پیناو خزمەت بە خەڵکا دەبردە سەر و زانیارییەکانی خۆی بەوان دەبەخشی. لە ماڵەکەی خۆیدا پازدە هەتا بیست لاوی بەخێو دەکرد و دەرسی دادەدان .ئوستاد هەرچی گوتبا دەیانقواستەوە و لاسایی هەڵس و کەوتی ئەویان دەکردەوە .
ڕۆژێک دوای نوێژی بەیانی تەلەبەکانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و پێیانی گووت ":کوڕەکانم، ئێمە دەبێ بە هانای گوندەکەی خۆمانەوە بچین. لە ڕاستیدا دەبێ هەر کەس بۆ وەدەستهێنانی ئازادی خۆی تێبکۆشێ، بەڵام خان ئەو باوەڕەی لای خەڵکا پێکهێناوە، کە ئەو زۆر بەهێزە و خەڵک ناتوانن بە سەریدا زاڵ بن. ترسی خەڵک لە نۆلاڤ لە پەرەسەندندایە و ئەگەر کارێک نەکەین هەموو وەک کۆیلە دەمرین".
شاگردەکانی بە تێکڕای دەنگ لە وەڵامدا گوتیان، ئێمە هەرچی تۆ بڵێی وادەکەین .
"تەنانەت ئەگەر بە قیمەتی لە دەستدانی گیانتان تەواو بێت؟؟ ئوستاد لێیانی پرسی.
"ژیان چ بایخێکی هەیە، ئەگەر مرۆڤ نەتوانێ یارمەتی براکانی خۆی بدات؟" کەسێک لە شاگردەکان بە نوێنەرایەتی ئەوانی دی وڵامی دایەوە.

ڕۆژی پێنجەم لە مانگی سێ کە ڕۆژی لە دایکبوونی نۆلاڤ بوو گەیشت، ئەوە تەنیا ڕۆژ لە تەواوی ساڵ بوو، کە خان بە ناو دێدا دەگەڕا. نۆلاڤ لە کاتێکدا پیاوانی چەکدار دەوریان دابوو بە کەژاوەی زێڕینەوە کاتی بەیانی قەسرەکەی بەرەو ناو گوند بەجێ هێشت .

لە گوندەکەدا بانگەوازی ئەوە کرابوو، لە کاتی تێپەڕبوونی کەژاوەی خاندا، نابێ کەس سەری هەڵبڕێ و هەموو دەبێ کڕنۆشی بۆ بەرن .
هێشتا کەژاوە چەند کۆڵان لە قەسر دوور نەکەوتبووە،دوور لە چاوەڕوانی هەمووان، کەسێک بە پێوە لە بەر دەرکی ماڵێک ڕاوەستابوو .قەڕاوڵەکان بە دیتنی کابرا یەکسەر ڕایانکردێ و ڕاکێشی بەر دەم خانیان کرد. خان ڕووی تێکرد و لێی پرسی:"مەگەر تۆ نازانێ دەبێ کڕنۆش بەری؟ "
"بەڵێ دەزانم، خاوەن شکۆ"
"بەڵام تۆ ئەو کارەت نەکرد"
"نەخێر، من ئەو کارەم نەکرد"
"تۆ دەزانی من دەتوانم بۆ ئەو سەرپێچی کردنە، سزای مەرگت بەسەردا بسەپێنم؟"
"هیوادارم ئەمری وا بفەرموون،خاوەن شکۆ"
نۆلاڤ چاوەڕوانی ئەو وڵامەی نەدەکرد، بەڵام وەڕووی خۆی نەهێنا.
"زۆر باشە. ئێستا کە تۆ دەتەوێ بەم شێوەیە بمرێ، بەرەبەیان جەلاد سەرت لە لەشت جیا دەکاتەوە"
"زۆر سپاس، بەڕێز"، بەدەم پێکەنینەوە دووقەد لە بەرانبەریدا نووشتایەوە.
هەر لەو دەمەدا لە پڕ لە ناو خەڵکەکە کەسێک دەنگی هەڵبڕی ":گەورەم، گەورەم، تکایە ئەمر فەرموون قسەیەکم هەیە"
خان گوتی " لێ گەڕێن با قسەکەی بکات "
"گەورەم، تکایە ئیزن بدەن، من لە جیاتی ئەو کەسە بکوژن"
"تۆ دەتەوێ لە جیاتی ئەو سەری خۆت بە فەتەڕات بدەی؟"
"بەڵێ گەورەم.تکاتان لێدەکەم، ئیزن بدەن! من هەموو کات وەفادار بە ئەمر و فەرمانی جەنابتان بووم، تکایە ئەو داوایەم بەجێ بێنن".
خان واقی وڕمابوو، ڕووی کردە لاوە حکووم دراوەکەو پرسی:" ئەوە خزم و کەسی تۆیە؟"
"من ئەو کەسەم لە ژیانم دا نەبینیوە و نایناسم. ئیزنی مەدەن لە جیاتی من بکوژرێ.من هەڵەم کردەوە و لە بری ئەوە دەبێ سەری من لێدرێ، نە هی ئەو ".
"نەخێر خاوەن شکۆ، دەبێ هی من لێدرێ"

"نەخێر هی من"
"نەخێر، هی من"
"بیبڕنەوە! زۆر باشە، داوای هەرکتان بەجێ دێنم. سەری هەرکتان لێدەدرێ.
"سپاس، خاوەن شکۆ، بەڵام لە بەر ئەوەی من لە پێش ئەودا حکووم دراوم، ئیزن بفەرموون لەپێشدا سەری من لێبدرێ "
"نەخێر، گەورەم. ئەو ئیمتیازە وەبەر من دەکەوێ، لە بەر ئەوەی من لە ژیانمدا لە ئەمری خاوەن شکۆ لام نەداوە و سەرپێچیم نەکردووە ".
"وست بن ئەوە چ باسە؟ ئەمر دەکەم هاوکات سەری هەردووکتان بپەڕێنن .بێگوومان لەم جیهانەدا زیاد لە یەک جەلاد دەست دەکەوێ بۆ ئەوەی هاوکات سەری هەرکتان لێبدرێ." هەر قسەکەی تەواو بوو لە ناکاو کەسێک لە ناو خەڵکەکەوە گوتی: " کەوایە، گەورەم منیش دەمەوێ ناوم بخرێتە ناو ئەو لیستەوە "
یەکی تر"منیش گەورەم"
"منیش"
نە تەنیا لە خان، لەو وەزعەدا خواش سەری لێدەشێوا.
خانی ستەمکار تێنەدەگەیشت چ باسە. سەری لێ ئاڵۆز ببوو. پێنج گەنجی ساخ و سەلیم داوایان لەو دەکرد سەریان لە لەشیان جیاکاتەوە، ئەمە بۆ ئەو جێگای باوەڕکردن نەبوو، هەربۆیە چاوەکانی لە سەر یەک دانا بۆ ئەوەی بیر لەو پێشهاتە بکاتەوە .ئەو بۆ ئەوەی لە لای ژێردەستەکانی نەشکێتەوە و ئەوان پێیان وانەبێ ئەو ڕووداوە کاری تێکردووە، بەو بڕیارە گەیشت کە پێنج جەلاد بۆ جێ بەجێکردنی فەرمانەکە دیاری بکات .بەڵام کاتێک چاوەکانی هەڵهێنا سەیری کرد نە پێنج بەڵکوو بوون بە دە کەس و پەیتا پەیتا ژمارەیان زیاد دەکات. کە ئەوەی بینی تەواو شڵەژا و زانی جێبەجێکردنی ئەو کارە لە توانای دەستەڵاتی ئەودا نییە، هەر بۆیە یەک بە خۆی نەڕاندی:" جێ بەجێکردنی حکوومەکان وەدوا دەخرێ هەتا ئەوەی دیار بکرێ کێ کەنگێ بکوژرێ ".
کەژاوەی خان لە ناو بەربەرەکانی و پێداگری لاوەکان بۆ جێ بەجێکردنی فەرمان، گەیشتەوە قەسر، نۆلاف دەستبەجێ خۆی بە ژوورەکەی خۆی داکرد بۆ ئەوەی چارەیەک بۆ ئەو ڕووداوە بدۆزێتەوە، لە ناکاو فکرێکی بە مێشک داهات و بە پەلە ناردی بە دوای کەشیش دا. ئەو دەبێ ئاگاداری ئەو هەڵا و هەنگامەیە بێ.هەر زۆر زوو پیرەپیاویان هێنا، خان ڕووی تێکرد و پرسی: " بۆچی خاڵک لە ناو گوند داوا دەکەن سەریان لە لەشیان جیابکرێتەوە؟"
پیرەپیاو وڵامی نەداوە."وڵام بدەوە"،" من ئەمرت پێدەکەم "وڵام بدەوە"، باش بزانە ئەگەر وڵام نەدەیەوە بە زەبری کەرەسەکانی ئەشکەنجە زمانت دەکەمەوە".
پیرەپیاو هەرچیان کرد دەنگی لێوە نەهات. خان کە وای دیت، ڕەوانەی ئەشکەنجەخانەی کرد و بردیانە ژێر ئەشکەنجەوە. لەو ڕێگایەشەوە چیان بۆ نەکرا، هەر بۆیە خان قەراوڵەکانی نارد بە شوین شاگردەکانیدا.کە شاگردەکان گەیشتن، لەشی شپڕێو و ئەشکەنجەکراوی ئوستادەکەیان بەرچاو کەوت شڵەژان. خان لێیانی پرسی: " بە چ هۆیەک ئەو پیاوانە داوایان دەکرد، بمرن؟" کەشیشی پیر بە لەشێکی نزار و دەنگێکی نزمەوە ڕووی کردە شاگردەکانی و گوتی" ئیزنتان نییە قسە بکەن"
خان دەیزانی بە هەڕەشەی مردن ناتوانێ ئەو لاوانە وەدەنگ بێنێ، هەر بۆیە گوتی:" من گەرەکمە خراپترین بەڵا بە سەر ئوستادەکەتان بێنم کە تا ئەمڕۆ کەس لە دنیادا نەیدیتبێ، ئێوەش دەبێ لە نزیکەوە چاوتان پێیبکەوێ. نهێنییەکانی ئەوم لا بدرکێنن، پاشان هەمووتان دەتوانن بڕۆن."
"باشە"، یەک لە شاگردەکان وڵامی داوە.
"بێدەنگ بە"، پیرەپیاو بە شاگردەکەی کوت.
نۆلاف گوتی:" بڵێ بزانم"
"ئەگەر ئەمڕۆ کەسێک بکوژرێ..." شاگردەکە ئاوا دەستی پێکرد
پیرە پیاو قسەکەی بڕی"بێدەنگ بە، ئەتۆ لەعنەت دەکرێی، ئەگەر بایخی نهێنییەکان ڕانەگری".
خان ئیشارەی دا و پیرەپیاو وەبەر قامچی ئەشکەنجەگەران کەوت و هەر بەوەش لە هۆش چوو.
خان ":درێژە بە قسەکانت بدە"
"یەکەم کەس کە ئەمڕۆ نزیک خۆرئاوا بکوژرێ، بۆ هەمیشە ژیانی هەتاهەتایی پێدەبەخشرێ و نامرێ"
نۆلاف،"ژیانی هەتا هەتایی؟ تۆ درۆ دەکەی !
"ئەوە بەنووسراوە هەیە" لاوەکە گورج دەست بە گیرفانی دادەکات و کتێبێک دەردەهێنێ و ئەو بەشەی دەخوێنێتەوە.
"ژیانی هەتاهەتایی!" خان بیر لە ژیانی هەتاهەتای دەکاتەوە، مەرگ تەنیا شتێک بوو کە ترسی دەخستە دڵی خانی ستەمکارەوە. ئەوە دەرفەتێکی باش بوو کە بتوانێ بە سەر مەرگدا زاڵ بێت و "ژیانی هەتاهەتایی" بۆ خۆی مسۆگەر بکات. بێ ئەوەی لێی ڕاوەستێ، داوای کاغەز و جەوهەری کرد و بڕیاری سەر لێدانی خۆی ئیمزا کرد و داوای کرد بە پەلە فەرمانەکەی جێبەجێ بکرێ. فەرمانەکە بە پەلە بە هەموو دەربار ڕادەگەێندرا و بەر لە ڕۆژئاوا بوون لە ڕێ وڕەسمێکدا سەری خان لە لەشی جیاکرایەوە و خەڵک لە دەستی ڕزگاریان بوو.

**تێبینی** :گەرەکم بوو ئەم چیرۆکە بە زمانی فارسی هەڵگەڕێنمەوە، کە لام وایە بۆ ئەوان پێویستترە. سەرەڕای بە فارسی

کردنی بەشێکی وازم لێهێنا و گەڕامەوە سەر کوردییەکەی. هۆیەکەشی کێ بەرکێ هەر دوو زمانەکە لە ناو مێشکمدا بوو. بەشکم کەسێکی دی ئەو کارە بکات و نوسخەی فارسییەکەی بگات دەست مەلاکانی کەلارەلەسەر و بێ کەلارەی دەستەڵاتدار لە تاران و قوم.